ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# چارەسەر هەناسە نەدانە

تەوفیق کەریم

ڕۆنامەی کۆمەڵ ١٣٦، ٢١-٨-٢٠٠٤، ل٨

لە گۆشەی (ئاوێزە)ی دوا ژمارەی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو)دا کاك شوان خانەقینی نووسیویەتی "تکایە کەسی شیاو بۆ بازگەکان دابنێن". تیایدا زۆر بە ئەدەبەوە زەرووڕەتی ئەو کەسە شیاوانە شیدەکاتەوە، نموونەی ئاسایشێکی نەشیاو باس دەکات کە لە زاڵگەی عەربەت تەنها بەبینینی کتێبی (حول الإعلام والإعلام الإسلامي) گرفتێك دروست بووەو گەیاندوویەتی بە لێپرسراوەکەی تا پاش ماوەیەك ئەوجا خاوەن کتێبەکەیان بەڕێکردووە، ئەمەش تەنها لەبەر ناشێتی کابرای ئاسایش، چونکە هەر کە وشەی (ئیسلامی) بینی ئەو کێشەی لا دروست بوو بوو، خۆ ئەگەر کەسێکی شیاو بایە دەیزانی ئەوقافی ئیسلامیی‌و ناوەندی ئیسلامیی‌و .. ئیسلامی دیکەش زۆرن‌و نەك خەتەر بن بەڵکو دەزگای سەر بە حکومەتی هەرێمیشن.

ڕۆژێك پێش خوێندنەوەی بابەتەکەی کاك شوان منیش هەمان قەدەرم بەسەردا هات لەوەی ئەو گێڕایەوە، دەشزانم ئەو ڕووداوانە بوونەتە مەسەلەیەکی ڕۆژانە، بەڵام لەگەڵ ڕێزم بۆ داواکەی کاك شوان پێناچێت چارەسەر دانانەکەی ئەو بە حکومەتی هەرێم جێبەجێ بکرێت، بەڵکو وا باشە ئیسلامییەکان چارەسەری دی بدۆزنەوە.

با پێش چارەسەرەکە ئەوەی خۆم بگێڕمەوە: کە لە سلێمانی دەرچووین دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێبی (مێژووی ڕۆژنامەوانی ئیسلامیی کوردستانی عێراق، ١٩٨٢ ـ ١٩٩١) کە لێکۆڵینەوەی قوتابییەکی زانکۆی سلێمانی حکومەتی هەرێمە، ئاگام لێبوو برادەرەکەی تەنیشتم بەلاچاوێك لە گەڵم کتێبەکەی دەخوێندەوە، من کە بەوەم زانی پاش خوێندنەوەی هەر لاپەڕەیەك ئیستێکم دەکرد، نەبادا برادەرەکەی تەنیشتم لێنەبووبێتەوە، بەڵێ بەوشێوە ڕێگەمان بڕی تا گەیشتینە دوا (زاڵگە)، برادەرەکەم وتی: من دادەبەزم، منیش فەرمووم لێکردو چونکە لای دەرگای تەکسییەکەوە بووم، پێش ئەو دابەزیم تا یارمەتی ئەو بدەم، بەڵام کە دابەزین ئەو فەرمانی بە پۆلیسەکاندا، کە ئەم کابرایە خەتەرەو بە پەلە دەستگیری کەن، زۆرم پێ سەیر بوو، بەڵام ئەوان بێئەوەی گوێم لێبگرن، فەرمانی برادەرەکەیان بەجێهێنا، دوای ئەوەی کتێب‌و مۆبایل‌و پیناسیان لێسەندم، برادەرەکە پێی وتن: "ئەم کتێبە شتی خەتەری تێدایە، بۆیە من دەیبەم بۆ بەڕێوەبەرایەتی‌و ئێوەش ئەم بگرن‌و بەدوامانەدا بیهێنن". وتم: من لە سەرکردایەتی لایەنێکدام، ئەو (پۆلیسەکە): دوای ئەوەی سەرنجی پێناسەکەی دا بەگرژییەکەوە وتی: بۆ وا دەڵێی؟ وتم: بەڕاستمە. وتی: تۆ دەڵێی ئەندامی سەرکردایەتیم‌و پێناسەکەت لێی نووسراوە (ئەندامی کارا). هەرچەندە وتم: ئەوە پێناسی حزب نییە! بەڵکو پێناسی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانە کەڵکی نەبوو، چونکە نەیدەتوانی حزب‌و سەندیکا لەیەك جیا بکاتەوە.

هەرچۆنێك بێت بردیانم بۆ بەڕێوەبەرایەتی، کە گەیشتینە لای بەرپرس: ماڵی ئاوا بێت زۆر ڕێزی لێگرتم‌و داوای لێبوردنی کردو بەڕێی کردم.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

دەگەڕێمەوە بۆ داواکارییەکەی کاك شوان سەبارەت  بە دانانی کەسی شیاو لە زالگەکاندا، دەڵێم: وڵاتەکەمان بە بارودۆخێکی ناسکدا تێدەپەڕێت، نابێت کاك شوان ئەو تەکلیفە قورسە بکات. با چارەسەری دیکەی بۆ تەکلیف پێشنیار بکات.

دەڵێن نەخۆشێك دەچێتە لای دکتۆرێك، سکاڵای ئازاری زۆری پەراسووەکانی دەکات لەکاتی هەناسەداندا، ئەویش کە سەر لە نەخۆشییەکە دەرناکاتو ناشکرێت بڵێ نازانم،  بۆیە ڕوولە نەخۆشەکە دەکاتو دەڵێت: "چارەسەر ئاسانە هەناسە مەدەو ئازارەکەت نامێنێت".

جا کاك شوان، لەجێگەی ئەو تەکلیفە قورسەت، بامنو تۆو هاوبیرانمان  کتێب هەڵنەگرینو ڕیشمان نەبێت ئەوە گرفتەکە چارەسەر بوو، ئەگەر ئەنجامیشی نەبوو: با واز لە سەفەر کردن بهێنین لەماڵەوە دەرنەچین، هەم ئێمەش بەو سەفەرانە شەکەت نابینو هەم نابینە سەر ئێشەش بۆ زالگەکان!!

ZAGROS WEBSITE